سەددام ڕووخا یان سیستمێک؟ ... کاوە ئاهەنگەری

بۆ وەڵامی ئەو باسە پێویستە ئاماژە بە دوو چەمک بکرێت کە دەتوانێ تیشک بخاتە سەر بابەتەکە، یەک لەوانە "کۆمەڵگای میکانیکی"یە؛ کە دەگەڕێتەوە سەر ئەو کۆڕو کۆمەڵانەی لە کەشوهەوایەکی سوننەتیدا دەژین. بەو مانایە کە هزری مرۆڤ یا مرۆڤەکان لە حاڵەتێکی کۆنو پەرەنەگرتوودا جەوەلان دەکات، پێوەندیەکان زۆرتر لە هەستو نەریتی زۆر لەوە پێش سەرچاوە دەگرنو هەروەها پێوەندیەکانی نێو کۆمەڵگا زۆرتر لەسەر هەست هەڵدەسوڕێن هەتاکوو یاسا. نەریتێک، شێوازێک، بۆچوونێک ورێسایەک کە لەمێژیشە لە نێو نەوەکانی پێشووی کۆمەڵگای میکانیکیدا هاتوەتەدی دەبێتە سەرچاوەی کردارو جوڵانەوە. لە کۆمەڵگایەکیوادا کارەکان حیرفەییو پێشکەوتوو نین، کەسێک چی دەزانێ ئەوی دیکەش هەر ئەوەو ئەو کارانەش لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دەگوازرێتەوە. لە کۆمەڵگای میکانیکیدا کەسێک سەرۆکەو بە جێگای هەموان بیر دەکاتەوە، قسە دەکات و بڕیار دەدات. دەسەڵات لە خوارەوە دەست پێدەکاتو بەرەو سەرێ دەڕوات بەڵام قسەو بڕیار بەدەست سەرۆکە. کەس بۆی نیە لە سەرووی ئەو سەرۆکەوە قسەیەک بکات یان ڕەخنەیەک بگرێت. دەسەڵات هێرەمییە (وەک کەللە قەند) ، واتە یەک کەس لە سەرووی هەموو کەسێک. لە بنەماڵەی کۆمەڵگای میکانیکیدا کە زۆرتر وەک "خێزانی گەورە"دەژین، باپیرە و باب و کوڕ (بە ژنو منداڵەوە) ، کارەکان لە گەرەترین ئەندامی ماڵێوە بەرەو خوارێ فێردەکرێن و هەر یەکیشن. لە کۆمەڵگایەکی ئاوادا ڕامانی مرۆڤ نەچوەتە گۆڕەپانی گۆڕانکارییەوە، کارەکان، فێرکارییەکان، ئەندێشەکان، ئامێرو کەرەستەکان سادەو نەگۆڕاون.

سەبارەت بە ڕامیاریش هەروایە؛ دەتوانم بڵێم کە گۆڕانێکی عەقڵانی و بەرۆژ لە پرێنسیپەکاندا نایەتەدی، سیستەمی سیاسی زۆرتر بنەماڵەییەو لەسەر پێوەندی خێزانیوخزمایەتی ساغ دەبێتەوەو دەسەلات و پێگەی سیاسی لە گەورەوە بۆ بچووک لە بنەماڵەکەدا بە خەڵات دەگات. هەڵبژاردن کە سەرەکیترین و ئەساسیترین یاسای پێشکەوتنە بایەخی پێنادرێتو نایەتە ئاراوە. هەوەکی لە بنەماڵەیەکی کۆمەڵگای میکانیکیدا قسەی یەکەمو بڕیاری ئاخر گەورەی ماڵ دەیدات، لە دەستەڵاتی سیاسیشدا هەروایەو کەس بۆی نییە قسەی وەسەر قسەی سەرۆکی سیاسی بکەوێت دەنا سەزا دەدرێت؟! بە هۆی نەبوونی پرێنسیپی ڕەخنە گرتن.

بەڵام لە "کۆمەڵگای ئۆرگانیکی"دا هزر و ئەندێشەی بەشەری لە جەوەلانو گۆڕانکاریو بەرەوپێشچووندایە، تاکەکەسێک ناتوانێ وەستای هەمووکارەکانبێت هەر لەبەر ئەوەیە کە هەر کارەی یان بڵێین هەر کەسەی لە جێگای خۆی خاوەن نرخو پایەیەکی بەرچاوو شیاوە. بە نەبوونی هەر ئەندامێک سیستمەکە تێک دەچێت یان لە کار دەوەستێ، بە پێچەوانەی کۆمەڵگای میکانیکی ئەگەر کەسێک یان کەسانێکیش نەمێنن چەرخەکە لە سووڕان ناکەوێتو ئەندامانی دیکە دەتوانن درێژە بە کاربدەن و جێگری بکەن. بەڵام لە کۆمەڵگایەکی ئۆرگانیکیدا وەک ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ لەگەڵ ئەوەی هەریەکەو کارێک دەکاتو سەربەخۆیە (دڵ کارێک دەکاتو لە پێ جیایە) بەڵام پێوەندێکی ڕاستەوخۆ و چڕوپڕ لە نێویاندا بەرقەرارە. ئەگەر ئەندامێک نەمێنێت بۆشایی دێتەپێشو سیستمەکە تووشی کەندو کۆسپ دەبێت. بۆیە لە کۆمەڵگایەکی وادا هەموو بە بوونی یەکتر ڕازینو کەس کەس ڕەش ناکاتەوەو هەرکەس لە جێگای خۆی بایەخ و نرخی خۆیی هەیە. لە کۆمەڵگای ئۆرگانیکیدا یاسا سالارە نەک نەریتو خزمایەتیو هەست. هەوڵ دەدرێت بۆ بەرەو پێشبردنی حرفەو ئیشەکان، دەستەڵاتی سیاسیش ئاسۆییە نەک ئەستوونیو بڕیار بڕیاری گشتیە نەک تاکە کەس.

بەڵام سەددامو نیزامی بەعس

سەددامیش بابەگەورەی کۆمەڵگایەکی میکانیکی بە سیستمێکی سیاسی میکانیکیوە بوو، ئەو لە دووندی کەللە قەندی دەستەڵاتدا بڕیاری یەکەمو ئاخر بوو، دەزگای سیاسی ئیداری حکومەتەکە بریتی بوون لە خزمو کەسی سەددام و هەڵبژاردنو ڕاپرسی گشتی بایەخێکی نەبوو، هەمووی خەڵک لە خوارەوەی سەددامدا بوونو ئەو بەجێگای هەموو خەڵک و بۆ هەموو نەوەکانی ئەو وڵاتە هەڵوێستی دەگرتو بڕیاری دەردەکرد.

بۆ ڕووخا؟!

دونیا کەوتبوە نێو سیکلێکی تازەگەریو پێشکەوتنەوە، ئەو سیکلەی کە هەموو دونیای بە دوای خۆیداوە و ئابووری و سیاسەت و دین و کەلەپوور. . . هتد خستوەتە نێو بازنەی جەبری خۆیەوە. لە پێوەندێکی وەها چڕ و پڕ و خێرادا کە هەرچەشنە بەرگییەک تێکدەشکێنێ، ئەویش نێوی " پلۆرالیزم" ە کە لە بواری جۆربەجۆری سیاسی، دینی، ئابووری، کەلەپووریو کۆمەلایەتیدا خۆی دەنوێنێت. هەرچەند سەددام لە لای "سەمیرا"ی ژنی گریاوەو کوتویەتی کە هاوکارەکانی خەیانەتیان پێکردوە بۆیە شکستی خواردوە، بەلام ئەوە تەنیا قسەی"سەددام"ە نەک ڕۆژگاروو ڕاستیەکانی. بۆیە ئێمەی کورد دەتوانین بە سەددام بلێین کە نە تەنیا تۆ بەلکوو هەر کۆمەلگایەکی میکانیکی، هەر سیستەمێکی سیاسی و هەرتاکەکەسێکی یەک لایەنەو میکانیکی مەحکووم بە شکستو دۆڕانە"، ئەوەش خەیانەتی مێژوویە نەک خزمو کەس. ئەگەر وابێ مێژوو جێگایەکی بۆ سەددام و سیستمێکی وەک بەعس نەماوە، جا سەیر نیە کە بە نەمانی کەسێک ڕووخانی سیستمێکی بە دوادابێ، چوونکی ئەوە زاتو ڕاستی نادێمۆکراسیو نەبوونی پلۆرالیزمی سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری و دینیە لە دونیای ئەڕۆکەدا. بۆیە ئێمەی کورد دەبێ دلخۆش و دلنیا بین بە ڕووخانی بارەگای سێ براکەی سەددام لە ئێران، تورکیاو سوریا

پیرۆز بێت لە کورد

15/12/2003

بێلژیک